# ئاوارەکانی ئاڵتاش و بێدەنگی حکومەتەکانی هەرێم

## شاخەوان شۆڕش

وەک ئاشکرایە نزیکەی 13 هەزار ئاوارەی کوردی رۆژهەڵات لەئۆردوگای ئالتاشی نزیک شاری رومادی سەختترین رۆژەکانی ژیانیان بەسەر دەبەن. رۆژانە لەلایەن عەرەبە رەگەزپەرست و شۆڤینیەکانی ئەوێ راودەنرێن و ئازاردەدرێن، گەر بۆیان بلوێ، ئەوا جارجارە دەشیانکوژن. ئەم ئاوارانە بەپێی توانایان هەوڵیانداوە پەیوەندی بەهەر لایەن و دەزگایێ بەهیوای دەربازبوونیان لەم ژیانە تاڵەی بەرەورِوویان بۆتەوە، بکەن. لەناو ئەوانەی کەپەیوەندیان پێوەکراوە هەردوو دەسەڵاتی یەکێتیو پارتین. شایانی باسکردنە بەپێی ئەم هەواڵە کەمانەی کەسەبارەت بەم کێشەیە هەن، هیچکامێک لەم دوو حکومەتەی هەرێم بەکەم یا زۆر تووخنی ئەم بابەتە نەکەوتوون و کێشەی ئەم برا ئاوارە رۆژهەڵاتیانەیان نە بەخەڵکی کوردستان نەدەرەوە نەگەیاندووە. راگەیاندنەکانی ئەم دوولایەنەش ناوخۆیی و ئاسمانییەکانیان، بەکەم یا زۆر لەم بابەتە نزیک نەکەوتوونەتەوە. نەوەک کورتەهەواڵ نەوەک رپۆرتاژ یا بەجۆریتر، پەیامنێرو رۆژنامەوانەکانیان تووخنی ئەم مەینەتیەی ئەم ئاوارانە نەکەوتوون و لە ئاستیدا کوێرو کەرِو لاڵن. دیارە بێدەنگی ئەم کەناڵانەی راگەیاندنی ئەم دوو دەسەڵاتە دیاردەیەکی چاوەرِوانکراوە، چونکە ئەم کەناڵانەی راگەیاندن بەهەموو جۆرەکانیانەوە سەر بەپارتی دەسەڵاتدارن کەناتووانن و مافی ئەوەیان نیە سەربەخۆو ئازادانە هەموو هەواڵەکانی پەیوەستدار بەکوردو کوردستان بەخەڵکی کوردستان چ لەناوەوە چ لەدەرەوە بگەیەنن. ئەمەش دووپاتکردنەوەی ئەم راستییەیە کەوا ئەگەرچی ئازادییەکی نیووەچڵ و دیموکراسییەکی نیووەچڵ لەم پارچەیەی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، بەڵام بەکورتی و تارِادەیەکی زۆر ئەم دیاردەیە پەیوەستدارە بە وابەستەیی تائێستای ئەم دوو

پارتە دەسەڵاتدارە بەسیستەمی یەک پارتو پارتایەتی، سەنترالیزم، یەک روانگەیی، سانسۆر، سەپاندنی بەرژەوەندی سەرکردەو پارت هتد... ئەمەوایکردووە سنووری ئازادیی رێگاپێدراو تەنیا ئەم بوارو هەوارانە بگرێتەوە کەلەناو چوارچێوەی بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتداردان. بەداخەوە تائێستا زۆربەی دەزگاو رێکخراوە سەرەکیەکانی سەر بەم دوو پارتە دەسەڵاتدارە ( وەک پەرلەمان، وەزارەتەکان...) سەربەخۆیی تەواویان نییەو لەژێر فەرمان و چاودێری سەرکردایەتی دووپارتەکەدان. نموونەی سەنترالیزم، سەیرکردنی یەکلایەنەو خۆگێلکردن لەگەلێ رووداو و هەواڵ زۆرن و ئەمەی سەرەوە تەنها مشتێکی خەروارێکە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەم دیاردەیە تەواو ناتەبایە لەگەڵ چەمکەکانی ئازادی، دیموکراسی، لیبرالیزم، پلورالیزم، کۆمەڵگەی سیڤیل، جیهانگیری و چەمکە زل و زەبەلاحەکانیتر کەلەلایەن ئەوان خۆیانەوە بانگاشەیان بۆ دەکرێت.
خەڵکی کوردستان مافی تەواوی خۆیانە لە ووردو درشت، باش و خراپی هەواڵ و رووداوەکانی بەتایبەتی ئەوانەی کەپەیوەستدارن بەکوردستانەوە ئاگاداربکرێنەوە، مافیان هەیە لەبابەتەکانی پەیوەستدار بەکوردەوە ئاگاداربکرێنەوەو بۆیان روونکرێتەوە، لەبەرچی ئەنجامەکان وان؟ لەبەرچی لەئاست کێشەی ئۆردوگای ئەڵتاش بێدەنگ و بێهەڵوێستن؟ یا لەبەرچی ئەنجامی ئەم یا ئەو بابەت واکەوتەوە؟ لەبەرچی دەسەڵاتی کوردی ناتووانێ ئەم یا ئەو کێشە چارەسەر بکات؟ لەبەرچی بەرامبەر ئەم یا ئەو رووداو و پێشهات گیریان خواردووە؟ یا ئەوان دەتوانن چیبکەن؟ ئەلتەرناتیڤ چییە؟ شایانی باسە ئەم بابەتو کێشانەی تاڕادەیەک دوانیان لەسەر دەکرێت، ئەم بابەتانەنین کەسنووری بەرژەوەندیە رامیاریەکانی پارتی دەسەڵاتدار دەبەزێنن.

نەتەوەی کورد یەکێ لەناسیۆنە بێکەسەکانی جیهانە، پشتوپەنای کورد بەدرێژایی مێژوو (ئەم 12 ساڵەی دوایی لێدەرچێ کە بەشێکی باشوور وەک تەنها پارچەی

کوردستان لەلایەن ئەمەریکاو بەریتانیاوە پارێزرا) تەنها خۆی بووە. مێژووی کوردایەتی، ناسیۆنی بێوڵاتی کوردی لەخەباتیدا لەپێناوی مانەوەو خۆپاراستن فێری گرنگیو پێویستیبوونی فاکتەری یەکگرتن کردووە. بۆیە هاوکاری یەکترکردنو پشتی یەکترگرتنو یەکبوون فاکتەری سەرەکیو گرنگی بەهێزبوونی کوردە لەهەر کاتو سەردەمێکدا. لەگەڵ ئەوەی گومان لەوەدا نییە، نەتەوەی کورد لەهەندێ کات و سەردەمی گرنگی جیاجیادا (بەتایبەتی هەر لەدوای دەستپێکردنی ئیپۆکی بارزانی تالەبانی لە بەشی باشووردا) لەئاستی بەجێگەیاندنی ئەم یەکبوونەدا نەبووە، هەروەکو ئێستاش ئەم کێشەیەمان هەیە، بەڵام ئەم خاڵە کە کرۆکی کوردایەتیە، وا چاوەڕان دەکرێ هەموو ئەوانەی بانگاشەی کوردایەتی دەکەن، پەیڕەوی بکەن.

لەم گۆشەنیگایەی سەرەوەدا، ئەم پەنابەرە کوردانە کەبرای راستەقینەن و گومان لەبرایەتیاندا ناکرێت، وەک گەلێ کوردی کوردستانی داگیرکراو زۆربەیان لەئەنجامی جموجۆڵی رامیاریانەیاندا تووشی ئەم دەربەدەریە بووینە. ئەوانە وەک هەر کوردێکی ئەم کوردستانە مافی خۆیانە یارمەتی بدرێن، پەنابدرێنو هاوکاری بکرێن، بۆیەش ئەرکی سەرشانی حکومەتەکانی هەرێمە فریای ئەم ئاوارانە بکەون. فریانەکەوتنی ئەم ئاوارانە دووپاتکردنەوەی دیاردەی زاڵکردنی بەرژەوەندی پارتە بەسەر گشت، دیاردەی زاڵکردنی پارتایەتییە بەسەر کوردایەتی.